مەهوەش قەدیریان
وەگێڕان: عوسمان _ م

# کچ لە دایک بوم

من کچ لە دایک بوم
تا بوکە شوشە و گسک بدەنە دەستمەوە
کراسی پیاوان دەق و وتو بکەم و
خۆڵی ناوماڵ بماڵم.

براکەم لە کۆڵان یاری دەکا.
براکەم بە پاسکیل کۆڵانان دەگەڕێ
من لە سوچی ماڵ دەمێنمەوە.

من کچ هاتمە دنیا
لە بواری پرسیار و لێگەڕاندا
'بۆچی'م بێ وڵام دەمێنیتەوە و
لێگەڕانەکانم بێ ئاکام.

براکەم لە پێچ و پەنای کۆڵانەکان
بە یاری کردن بە خاک و بەرد
ژیان تەجرەبە دەکا
تەجرەبەی من لە دیوارەکان تێناپەڕێ.
من کۆڵانەکان ناناسم

من کچ لە دایک بوم
تا لە ئاسۆی باڵغ بوندا
چاوی تۆقیوم

وەک چاوی غەزاڵی بێ قەرار
نهێنیەکەم ئاشکرا بکا.

براکەم ئەمشەو نەهاتەوە بۆ ماڵ
ئەو ئیتر بۆ خۆی پیاوێکە

من کچ لە دایک بوم
تا لەگەڵ هەر شەڕێک دا بدۆڕێم و
بە درێژایی ئاشتی
ببمە قوربانی.

لە شەڕ دا
سەربازانی مەغول و نەوەکانی تەیمور
قیژەی ئازارم لە گومەزیی مینای ئاسمان دا دەنگ پێ بدەنەوە،
لە ئاشتی دا
ئەمیر و خادەمەکانی.

لە ڕودانی هەر شەرێک دا
خۆشکەکانم کراسی پیسی قاحبەکان لەبەر ئەکەن
لە ئارامیی هەر ئاشتییەک دا
لە کۆڕی عەشرەتی سەروەرانی خۆیان گلاسی بادە دەگێڕن
من
ئەری
کچ لەدایک بوم.